# رۆژانێك خۆی لێرەبوو، ئەمرۆش ئەزموونە زیندووەکەی..!

**ئەحسەن حەسەن**



لەهیچ کات و زەمەنێکدا ژیان خاڵی نابێ لە شۆڕە سوارانی نێو بانگەوازی ئیسلامی و بگرە ئەوانەی کە گەورە ئەبن و لەژێر سێبەری قورئانا پێئەگەن و ئەناسرێن نوخبەی ناو کۆمەڵگان و لەسەروی هەموانەوە جێگایان بۆدائەنرێ، میللەتی کوردی موسوڵمان بەدرێژایی مێژووی خۆی کەتێکەڵ بە فیکری ئیسلامی بووە هەمیشە ئالا هەڵگری سەرجەم بوارەکان و پێشەنگی ڕەسەنایەتی بووە.

بۆیە ئێستا ئەو بانگ خوازانە ناویان وەك ڕوناکی ئەگەشێتەوەو نورو پیرۆزیەکانیان دڵانی تامەزرۆ بەعیشقی حەقیقی شادو ئاسودە ئەکات، ئەوەی کەمن ئەمەوێ لێرەدا باسی بکەم و سەرە قەڵەمێك وەك وەفا بۆ موجاهیدێکی پەروەردەی قورئان بنوسم کە شایەن بە زۆر پەراو هەیە دەرحەقی بوترێ ئەوەیە کە ئێمە لە باسکردنی پیاوچاکانی خۆماندا کەمتەرخەمین و نامانەوێ زاناکانی خۆمان لەلوتکەدا تەماشایان بکەین و بگرە لە کاتی بونیاندا بەقەدەر خۆیان ڕێزیان لێ ناگرین.

جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود ئەو پیاوە بەڕێزە بووە کە لەناو ڕابوونی ئیسلامیدا جێگە دەستەکەی دیارەو خزمەتەکانی وەك خۆر بۆ بانگەوازی ئیسلامی ئەدرەوشێتەوە، کەسایەتی مامۆستا لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیسلامیی و پێش بزووتنەوەی ئیسلامیش جێگای نرخاندن و ڕێزلێگرتن بووە، من نامەوێ لەم چەند دێرەدا هەموو بیرەوەرییەکان و خزمەتەکانی ئەوو هەم و خەمی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئیسلام دۆستی کوردستان ئاماژە پێ بکەم، بەڵکو دەمەوێ سەرەقەڵەمێك لەوەفاو ڕێزو تەقدیر بۆ ئەو کەڵە موجاهیدە دلێرە بڵێم و بنوسم کە شایان بەئەوە، قەناعەتی مامۆستا مەلا ئەحمەد ئەوەبوو کە ئیسلام ژێنەری هەموو ئادەمیزادەو دەکرێ لەسێبەریدا گەورە ببن گەشە بکەن و بمێنینەوە تاوەکو نەمامگەیەك لە ئەهلی ئیسلام دروست ئەبێ، ئەم قەناعەتە ئیسلامیە هاوچەرخە لەمەیدانی ململانێیەکی زۆر هەستیاردا خوڵقابوو قەناعەتێك لەجەوهەری فیکری ئیسلامی و بیری جیهادی لەکوردستاندا پێی گوتبوو ئەوان بوبوونە پێشەنگ و قەڵغان تاوەکوو ئالایەك هەبێ ئەهلی ئیمان لەژێریا بحەسێنەوە، نزیکی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود لە مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز ڕابەری ڕابوونی ئیسلامی وەك کەسایەتیەکی ڕوحانی تەئسیراتێکی زۆر ئیجابی هەبوو کە بگەنە ترۆپکی عیبادەت و لێوەی فێری ئەوەبن کە خەبات کردن لەڕێگەیەکی پاکی وەك بزووتنەوەی ئیسلامیدا هەوڵدانە بۆ هێنانە دی حوکمی شەرعی ئیسلامی و سەرکەوتن بەسەر وەهمدا.

هەر ئەمەش بوو ئەم کەسایەتیەی گەیاندە لوتکەو هەر بەگەنجی بواری ڕەخساند تالەفێرگەی حوجرەو قوتابخانە ئاینیەکان و مزگەوتدا ببنە موجاهیدێك و هەر یەکەیان ژیلەمۆیەك بێ بەدەستی نەوەی نوێی قورئانەوەو ڕێگا بۆئەوانەی دوای

خۆشیان کە دێن ڕۆشن بکاتەوە، ئەم پیاوە دوای ئەوەی ئەرکی بانگەوازی خۆی لەمزگەوتی گەورەی سیروان بەزیادەوە بەجێ گەیاند، دواتر بووە یەکێك لەدامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ئیسلامی و لەگەڵ مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا مەلا عەلی و مامۆستا شێخ عبداللتیف و مامۆستا مەلا عەلی بیارەو ئەو قارەمانانەی دیکە کاروانی جیهادیان لەکوردستانا خستە ڕێ، کاروانێك کەتائێستەش جێگە دەستەکانی پێوە دیارەو مێژوویان هەمیشە لەناو ئەهلی تەقوادا ئەدرەوشێتەوە، مامۆستا مەلا ئەحمەد بەهەموو ئەو ڕێگا مەحاڵانەدا هەنگاوی نا تاوەکو دەستەڵاتی بزووتنەوەی ئیسلامی گەیشتە لوتکە، ئەوەبوو بزووتنەوەی ئیسلامی توشی دەیان کێشەو کەوتن و هەستانەوەبوو، بەفەزڵی خوای گەورە بزووتنەوە لە مێژووی تەمەنیدا هەر لەگەشەسەندندا بووە ئەمەش بەرەکەتی ئەو پیاوە بەئیمانانەیە کە ڕۆح و جەسەدی بزووتنەوەکەبوون و نەیان ئەهێڵا کێشەکان بگەنە بن بەست،، دوای ئەو هەموو هەوڵەی ئەوان بۆ دروستکردنی قودسیەتی ئەو بزووتنەوەیە بەداخەوە هەوڵی زۆر درا تا ئەو پرۆژەیەی کە بزووتنەوەی ئیسلامی خاوەنیەتی لەبار ببرێ، ئەوەبوو ئەو ئەزموونە بە جیابوونەوە لەبار براو ئەم کارەش ئێشی سەرەکی گەیاندە جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد کە هەموو جار دەیگوت سەربڕینی منداڵەکانی خۆمم بەلاوە ئاسانترە تا ئەم جیابوونەوەو ئینشیقاقە، بەهەرحاڵ ئەوە درزێك بوو کەوتە دیواری ڕابونی ئیسلامی لەکوردستاناو بەهیچ جۆرێ پەردەپۆشی بۆناکرێ، هەڵوێستی ئەو مامۆستایە لە دوای ئەو هەموو حەسارەش کەدانرا لەسەر ئەو بزووتنەوەیە هەر لەهەوڵدان نەکەوت و بگرە شەوورۆژی خستبووە سەر یەك و بیری چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەکردەوە کەداخۆ چی بکرێ تا ئەو فەراغ و کەلێنانە پڕ بکرێتەوە، ئەمە چاوخشاندنێکی خێرایەکە من ئەمەوێ ئەم بابەتەمی پێ گەورە بکەم و لەبەرەکەتی ئەودا قسەم هەبێ، دوای ئەوەش کە پیلانە یەك لەدوای یەکەکان سەریان نەگرت و بزووتنەوەیان پێ حەل نەکرا، ئەو هەوڵە نەزۆکانەی بەدوادا هات کە گرتنی جەنابی مامۆستا مەلا عەلی ڕابەری بزووتنەوە بوو لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە.

گرتنی شەخسیەتیەکی وەك ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ جەنابی مامۆستا مەلا عومەری گەورەو هاوڕێ لەگەڵ پارێزەرەکانی لەوکاتە چارەنوس سازەی کە بزووتنەوەی تێکەوتبوو زەنگێکی تر بوو بۆ ئەوەی جەماوەرەکەی نەهێڵن و قیادەکانی تری ئاگادار بکەن کە چارەنوسیان بەو چەنسە دەبێ، مامۆستا ئەحمەد لەوکاتەدا بوێرانە کەوتە جموجوڵ و ئاوڕێکی خێرای لەتەلەفزیۆن و ڕاگەیاندن دایەوەو بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابوو کە نەهێڵێ کاروانی بزووتنەوە کە بەئاقارێکی خراپدا بچێ، زۆرجار دەینارده لای کەسایەتیەکان بۆئەوەی هاوکاری مادی و مەعنەوی ڕاگەیاندنەکە بکەن بەڵام کەسێك نەبوو کەبەدەم بانگەوازەکەیەوە بچێو بوێرانە بێتە ناو واقیعەوەو نەهێڵێ کەلێن و فەراغەکان گەورەتربن.

ڕۆژێکیان لەخزمەتی جەنابیابووین بیرمان لەوەدەکردەوە کە کارێ بکەین و بەرنامە ڕێژیەك دابنێین بۆ تەلەفزیۆنەکە ئەویش نامەیەکی نوسی بۆکەسایەتیەکی دیاری ناوچەکەو گوتی بچن بەناوی منەوە سڵاوی پێ بگەیەنن و ئەم نامەیەی منی بدەنێ و پێی بڵێن کە بەرنامەتان بۆ تۆمارکا، ئێمەش چووین و نامەکەمان گەیاند ئەو بەڕێزەش کە لەئاستێکدایە نامەکەی ماچ کردو خستیە سەر سەروچاوی گووتی: بەخوا زروفی ئەوە نیە کە من بێم و لەتەلەفزیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی بەرنامە بکەم، ئیدی دوای ئەوە خۆی هەستا بەتۆمارکردنی بەرنامەیەك و هەرجارەو پەیڤێکی دەگوت، ئەمە خەسڵەتێکە لەهەرە هەنگاوە گەورەکانی جەنابیان کە تامەزۆر بوون برەو بەو بانگەوازە بدەن و نەهێڵن لەسەر دەستی ئەوان لاوازی ڕوبکاتە ئەهلی ئیمان، مامۆستا مەلا ئەحمەد تەمەنی پیرۆزی بەو چەشنە ڕۆژ بەڕۆژ تێئەپەڕاند، هەموو ئومێدی ئەو گەیاندنەوەی دەسەڵات بوو بەو قۆناغەی کە عیزەتی تیا دەبینراو گەشبین بوو بەداهاتوو کەتیایدا سەربازێکی بەغیرەت بێت و بانگەوازەکەی ئەدا بکات، هەربۆیە لەم دواییانەشدا لەمزگەوتی نوور ڕۆژانی هەینی کۆمەڵێك ووتاری بەپێزو تیژی ئاراستە ئەکردو، خەڵکی ئیسلامخوازی هۆشیار دەکردەوە لەو جەهل و تاریکیەی کە بەسەر ئەم جیلە نوێیەدا هاتووەو پێی ڕادەگەیاندن کە قۆناغەکانی

دەستەڵاتی ئیسلام بەهەموو شێوەیەك ڕووبەڕووی لەم جۆرە موعاناتانە بووەتەوەو دەبێ ئێمەش خۆڕاگربین و نەهێڵین ئالای ئیسلام لەتەمەنی ئێمەو لەسەردەمی دەستەڵاتی ئێمەدا بكەوێ، مامۆستا لەم دواییەدا زۆر هەوڵی یەكڕیزی و تەبایی و برایی و پێكەوەژیاندا بوو، لەم پێناوەشدا هەنگاو گەلێكی زۆری هەڵگرت و هەموو ئەو بەڕێزانەش كە سەركردایەتی باسك بوون ئاگادارن، هەرچەندە جاروبار كۆمەڵێك ئاستەنگ ئەهاتە بەردەم كارەكانی بەڵام ئەو خۆبەخشانەو دڵ پڕ لەباوەڕانە لەجوهدی خۆی سارد نەئەبووەوەو بەردەوام گەنجێكی پڕ لەبۆنی عیبادەت و شەونوێژگەرو خەبات كاربووە.

ئەمە جگە لەوەی كە تەمەنێكی تری خۆی بەخشی بەنوسین و لەگشت بوارەكانا وەك نوسەرێكی سەركەوتوو كارایانە كارەكانی بانگەوازی لەدوتوێی كتێب و نامیلەكەدا ئەخستە كتێبخانەی كوردیەوەو نەی ئەهێڵا گەنجانی ڕابوونی ئیسلامی بەم لاولادا بچن، گەورەترین شاكارو خزمەتێك كە لەپاش خۆی بەجێی هێڵا تەفسیری قورئانی پیرۆزبوو هاوڕێ لەگەڵ مامۆستا مەلا عوسماندا بوونە بەشێك لەو نوورەی كە خوای گەورە ئەیبەخشێتە ئەوانەی كە خۆشی ئەوێن، هەربۆیە ئەگەر چی لەم ژیانی دونیایەدا گەلێك ڕووبەڕووبوونەوەو ئاستەنگیان بۆپێشهات بەڵام خۆشبەختانەماڵێك عیبادەتیان لەپاش خۆیان بەجێ هێڵاو بوونە بەشێك لە ئەدەبیاتی ئیسلام و ناویان لەگەڵ چاكاندا بۆهەمیشەیی دەمێنێتەوە.

ئەم هەست و سۆزەی بەندە بۆ مامۆستای موجاهیدو موفەسیر تەنها وەفایەكە بۆ خۆشەویستی ئەو، چونكە دڵنیام جێگەی ئەو پیاوانە لەڕابوونی ئیسلامی دا بەبۆشی و كەلێن ئەمێنێتەوەو هەرگیز ئەو قارەمانانە جێگایان پڕنابێتەوەو دەنگیان لەگوێمانا بۆ هەمیشە ئەمێنێتەوەو، سەلام و ڕەحمەت و درود بۆگیانی پاكی مامۆستا مەلا ئەحمەد كاكە مەحموود هەڵگری ئالای بانگەوازی ئیسلامی كەبزووتنەوەی كردبووە قوتابخانەیەكی فیكری سیاسی ئەدەبی، دەبێ ئەوەش بڵێین جوانی و بەرەكەت لەوماڵەدا كەئەوی تیا ئەژیا ژورەكەی كردبووە نورستان، كەمن بۆخۆم جێهێڵانی ئەو بەخەسارێكی گەورە ئەزانم و ڕابوون و بزووتنەوەش ئەو ڕاستیە ناشارنەوەو دەركی پێ دەكەن.

